# ژەهراوی بوونی منداڵ

ڕێکخراوی خواردەمەنی و دەرمانی ئەمریکی یان ئەوەی ناسراوە بە (F.D.A) کاردەکات بۆ هۆشیارکردنەوەو پارێزگاریکردنی تەندروستی هاوڵاتیان، سوورە لەسەر ئەوەی کەدەبێت دان بنێیت بەبوونی ژەهر لەماڵەکەتدا، کەپۆلێن دەکرێت بەم بەشانەوە، وەك:

1. دەرمان. 2. بەرهەمەکانی پاککردنەوە و جۆرەکانی.

3. ڕووەکەکانی ڕازاندنەوە.

4. ئەو قاپ و قاچاخانەی کەلەهەندێك جۆری کاشی دروست دەکرێن.

5. زۆرێك لەو مادە دەستکردو کیمیاوییانەی کەلەوانەیە ژەهربن لەماڵەکەتدا بەتایبەتی بۆ منداڵەکانت کەلەوانەیە هۆکاری سەرەکی بن بۆمردنی منداڵان.

6. بەڵام بالێت بپرسین، ئایا تۆ دەزانیت ئەو ژەهرە لەماڵەکەتدایەو لەبەرچاوتایەو تەنانەت لەناو دەستی منداڵەکەشتدایە؟

7. وەکو حەپەکانی ڤیتامین لەگەڵ ئاسن دا، کەئەگەر بێتو منداڵەکەت حەپێك لەوانە قووت بدات، دەبێتەهۆی مردنی.

8. لەوانەیە هەندێك دەرمان سامناك بن وەك حەپەکانی چالاککردنەوەو دەرمانەکانی پەستانی خوێن.

کەلەوانەیە ئەم جۆرە ژەهرانە لەهەندێك لە بەرهەمە دیارەکانی ناوماڵدا هەبن، وەك:

9. ئەوماددانەی کەلەدروستکردنی وێنەدا بەکاردێن (ڕەنگەکان و بۆیەکان و شتی دیکەی لەوشێوەیە).

10. مادە پاککەرەوەکانی قاپ شتن. 11. ماددەی ئامۆنیا.

12. گازولین. 13. نەوتی سپی (ئەونەوتەی لەناو ماڵدا بەکاردێت). 14. ماددەی سواغ دان.

15. ماددەی دژە بەستێنەر (دژە بەستوو).

16. بیرەو شەراب.

17. یان لەوانەیە لەبەرهەمەکانی دیکەی وەك کهول، پاککەرەوەی دەم.

لەبەرئەوە پێویستە ئاگاداری ئەو ماددانەبیت بۆ پاراستنی ماڵەکەت و منداڵەکەت لەترسی تووشبوون بەژەهراوی بوون، ئەویش بەپاراستنی ئەو دەرمان و ماددانە لەشوێن و جێگای باش ودورخراو دوور لەدەستی منداڵەکان دایبنێیت.

**چۆن مامەڵە لەگەڵ نیشانەکانی ژەهراوی بوون دەکەیت؟**

ئەگەر شوشەی حەبێك کراوە بوو یان ئەوبەرگەی پێی داپۆشراوەو پارێزراوە درابوو یان هەر بەرهەمێکی دیکەی دەبێتەهۆی ژەهراوی بوونت بەدی کرد لەبەردەستدا ئەوە هۆشیارت دەکاتەوە کەلەوانەیە یەکێك لە منداڵەکانت تووشی ژەهراوی بوون بووبن، یان ئەگەر چەند نیشانەیەکی نائاساییت بینی لەلایەن منداڵەکانتەوە، وەك ئەوەی کە هەست بەخەواڵوێتی دەکەن بەشێوەیەکی نائاسایی، بەڵام کاتی نوستنیان نییە، یان کاتێك کەهاتوچۆ دەکەیت بەبەردەمیاندا ئاگایان لێمان نییە یان چاوەکانیان بەملاولادا دەسورێنن، یان سوتاندنەوەیان هەیە پەڵە لەدەوری دەمیاندا پەیدا دەبێت، یان هەناسەکانیان جیاوازەو بۆنێکی ناخۆشیان لێدێت، ئەمە مانای وایە کەپێویستە تۆ هەست بەوە بکەیت کە لەوانەیە منداڵەکەت تووشی ژەهراوی بوون بووبێت.

**ئەگەر هەستت کرد منداڵەکەت ژەهراوی بووە چی دەکەیت؟**

ئەگەر هەستت کرد منداڵەکەت تووشی ژەهراوی بوون بووە، پێویستە ئەم کارانە ئەنجام بدەیت:

★بەخێرایی پەیوەندی کردن بەدەزگای فریاکەوتن یا پزیشکەوە (پێویستە ژمارەی تەلەفۆنی ئەم جێگایانە لەسەرەتای پەرتووکی تەلەفۆنەکەت دابنێیت).

۞ باشتر وایە ئەگەر بەتەواوی زانیت ناوی ئەو ماددەیەیان پێ بلێیت کەمنداڵەکەت خواردوویەتی وشێوەی بەکارهێنانەکەشیان پێ بلێیت واتە ئەگەر شەراب یا حەپ یا بۆدرەبووە.

**ئایا منداڵەکەت هێڵنج دەدات؟**

**۞ تەمەنی منداڵەکەت چەندە؟**

**۞ ئایا هیچ کێشەیەکی تەندروستی هەبووە لە پێشدا؟**

باشتروایە ئەو ماددەیەی کەمنداڵەکەت خواردوویەتی و بەکاری هێناوە لەگەڵ خۆتدا بیبەیت بۆ ژووری کتوپڕی لەنەخۆشخانە، واباشترە ئەو شروبانەت هەبێت لەماڵەوە کەهێڵنج دان و ڕشانەوە زیاد دەکەن کەلەدەرمانخانەکان دەست دەکەون، بەڵام بەکاری مەهێنە تاکو پەیوەندی نەکەیت بەدەزگای فریاکەوتن یان پزیشکەوە، ئەوان ئاگادارت دەکەن کەچۆن بەکاریان بهێنیت، چونکە لەوانەیە لەهەندێك کاتدا هێڵنج دان و ڕشانەوە زیانی زۆرتربێت لەسوود.

**پەرچڤەی: بەناز محەمەد تۆفیق**

**سەرچاوە :** WWW.webmaster.net